


# یەکبوون

## کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

گەلاوێژی ٢٧١٠ ژمارە: ٤ July 2010




## لەم ژمارەیە دا:


* ناسیۆنالیزمی کورد... بۆلاپەری ٢
* نگاه کوتاه به تاریخ کانادا... بۆلاپەری ٣
* ١٠یاسای گشتی بۆ عادەت دانی منداڵان ...بۆلاپەری ٦
* ئافرەتی رووناکبیرو تێکۆشەری کورد خاتوو... بۆلاپەری ٧
* شێعر (سروودی ژن)... بۆلاپەری ٨
* کۆرتەیەک لەسەر شەهید ئاوارە بۆ لاپەری ٩
* پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەری ١١
* چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەری ١٢
* تەندورستی ... بۆ لاپەری ١٣
* بۆ پێکەنین... بۆ لاپەری ١٤
* کرۆنۆلۆگی کوردستان... بۆلاپەری ١٥
* لەیادی ترۆری د.خەزنەوی دا..بۆلاپەری.١٧
* وتەی زانایان ... بۆ لاپەری ١٨
* یادیک لە هونەرمەند موجتەبا میرزادە بۆ لاپەری ١٩


سەرچاوە Serchawe

# ناسیۆنالیزمی کورد

سامان فەقێ نەبی

لە دەسپێکی قۆناغێک کە مۆدێرنیتە وەک شەپۆلێکی هزری و ماددیی ڕۆژئاوایی پێی نایە ڕۆژهەلاتی ناڤین، تێکۆشانی کۆمەڵگا سوننەتییەکان لەم بەشەی گۆی زەوی بەو ئاقارەدا چوو کە پێویستە بە سازدانی دەوڵەت بە شێوازێکی مۆدێرن ئەرکی بونیادنانی بەجێ بگەیەنن.

لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بەو لاوە، بە مەودایەکی درەنگتر لە چاو نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی ناڤین، بزاڤی نەتەوەیی کوردیش وەکوو دیاردەیەکی هەڵقوڵاو لە گۆرانکارییە نوێیەکان و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا بەرەبەرە بوونی خۆی لە ناو چینی بورژوای خۆجێیی و نووسەر و شاعیرانی کورد بەرجەستە دەکا.

هۆکاری وەدواکەوتنی پرۆسەی بیچم گرتنی بزاڤی ناسیۆنالیستی لە نێو کوردان دا دەتوانین بە سروشتی شاخاویی کوردستان، نەبوونی پەیوەندیی بەرفراوانی مرۆیی بە هۆی خۆدکەفایی رێژەیی گوندنشینان، هێژمۆنیی پێکهاتەی عەشیرەیی و پێکنەهاتنی بازارێکی بەرفراوانی ئابووری و بازرگانی گرێ بدەین.

لە هەمان دەسپێک دا ئەو کارتێکردنە نێگەتیڤ و نەخوازراوە کە ناسیۆنالیزمی پەرەگرتووی فارسی، تورکی و عەرەبی بۆ کۆمەڵگای کوردەوارییان بە دیاری هێنا، رۆڵ و شوێن پێی بەرچاوی لە مەڕ وەخۆوەهاتن و جموجۆڵی کوردان بۆ پاراستنی شوناس و ناسنامەی کولتوورییان جێهێشت. لە واقیع دا روخساری هێرشهێنەر و پاوانخوازانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی جیران و پلانی دەوڵەتە شێوە مۆدێرن و تازە دامەزراوەکانی ئەم نەتەوانە لە پێناوی پراکتیزەکردنی سیاسەتی ئاسێمیلاسیۆن و تواندنەوە، گەلێک سەرهەڵدانی لە سۆنگەی وەلام و کاردانەوەی کوردان بە هەڕەشەکان لێکەوتەوە.

ئاشکرایە کە وەکوو وەڵامێکی سروشتی لە بەرامبەر هێرش و سووکایەتی، ناسیۆنالیزمی کوردی روخسارێکی دیفاعی ودژکردەوەیی بەخۆیەوە گرت و پێویستی ئامادەکاریی لە بەرامبەر هەڕەشەکان و بەرپەرچدانەوەی بە کۆمهڵی ئەو مەترسیانە بوو کە ناقووسی رابوونی نەتەوەیی لە نێو کوردان دا وەلەرزە خست و بەوچەشنە دڵەڕاوکێ و کەڵکەڵەی پاراستنی شوناس بە جۆرێک خۆی نیشان دا کە هەتاکوو ئەمڕۆکەش تەواوی بوارەکانی هزری و پراکتیکیی ژیانی مرۆڤی کوردی لە خۆوە گرتوە.

روتی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سۆنگەی دوورخستنەوە و پووچەڵ کردنەوەی هێرشی ناسیۆنالیزمی زێدەخواز و هێرشبەری ئەو گەلانەی کە خاکەکەیان بە خۆیانەوە لکاندوە، تاکوو ئیستا زیاتر لە سەر بنەما عەینییەکانی سەلماندنی نەتەوە وەکوو خاک، زمان، مێژوو و ئابووریی هاوبەش پێداگری و تەرکیزی کردووە.

روونیشە کە ناسیۆنالیزمی کورد لە چوارچێوەی بزاڤ گەلێکی نەتەوەیی کردەیی (بالفعل) و هێزەکی (بالقوە) تاکوو هەنووکە بوونی خۆی سەلماندوە و بە پراکتیک کردنی ئیرادە و ویستی سیاسیی نەتەوەی کوردی بە ئەرکی سەرەکیی خۆی زانیوە و لە ژێر تیشکی ئەم بنەمایە، هەوڵی داوە کە بەستێنێکی گونجاو بۆ چالاکیی و خەبات لەم پێناوەدا، مەیسەر بکا.

بەڵام ئەوەیکە ئەمرۆکە جێگای سەرنج و مشتومڕە، ئەوەیە کە نەوەی هەڵگری بیرۆکەی ناسیۆنالیزم، پتر هۆکارە فیکری و زەینییەکان لە ناوەندی راڤەی خۆی دادەنێ. ئەم نەوەیە بەم قەناعەتە گەیشتوە کە ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێ پێشەنگی دامەزراندنی سیستمێک بێ کە لە نێوئاخنیدا، تاکی کورد لە روانگەی هزری و دەروونییەوە خۆی بە هاووڵاتییەکی پلە دوو دانەنێ و بایەخگەلێکی جیاواز لە حافزەی مێژوویی مرۆڤی کورد، چارەنووسی پێشهاتەکانی ژیانی لە خۆوە نەگرێ.

بەو پێیە ئەو توێژە نوێیە، خستنەڕووی چارەسەرییەک لە مەڕ سڕینەوەی هەستی نەخۆش و لەخۆنامۆی تاکی کورد و وەڵامدانەوە بە کێشە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤی کورد کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ بونیادی هزری تاکی کوردیان ئاڵۆز کردوە، لە سەرووی ئامانجە دیاریکراوەکانیان دادەنێن.

توێژی رووناکبیر و بەشێک لە توێژی ئاکادێمیک لە کوردستان بەو مەعریفەیە گەیشتوون کە لە دونیای سەردەم هەر شت گوتارهو گوتاریش هەموو شتێکە بۆیە توانایی بەخشین بە گوتارێکی ناسیۆنالیستی کە بەر لە هەر شتێک لە سەر چەمکەکانی مۆدێرن وەک هاووڵاتیبوون و مافی مرۆڤ و ژنان و بەها دێموکراتیکەکان تەرکیز بکا، بە بنەما و بنچینەی خەبات دەژمێردرێ تاکوو بەو شێوەیە هەبوونی زەینی مرۆڤی کورد و تارماییە هزرییەکانی پێش لە هەر شتێک لەگەل چەمکە مرۆڤدۆستانەکان لێک درێن و لە لایەکیتر بزاڤی نەتەوەیی وەکوو بزاڤێکی فرەلایەن تەواوی بوارەکانی کۆمەلایەتی، فکری و فەلسەفی و دەروونیی تاکی کورد و کۆمەڵگاکەی لە خۆ بگرێ.

لە کۆتاییدا دیسان پێویستە جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە کە توێژی نوێی هەڵگری بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کورد، بزاڤی نەتەوەیی لە سۆنگەی داخوازییەکانی هەلقوڵاو لە ماناکانی سەردەم و حافزەی مێژوویی تاکی کورد پێناسە دەکەن کە لە نێویدا ئەرکی سەرەکیی بزاڤی نەتەوەیی بریتی دەبێ لە نەهادینە کردنی مێکانیزمێکی شیاو بۆ سەر لە نوێ داڕشتنەوەی قەوارەی کۆمەلایەتی و هەروەها کردنەوەی دەرگا بەرەورووی هێنانەکایە و سەقامگیر کردنی کەسایەتییەکی دیمۆکراتیک لە ناخی مرۆڤی کوردا

سەرچاوە: تیشک ژمارە 26


**کەم بژی بەڵام جوان و پڕ مانا بژی – هۆلاکۆ**

سەرچاوە Serchawe



# نگاه کوتاه به تاریخ کانادا

کانادا شمالی‌ترین کشور واقع در آمریکای شمالی است. به صورت رسمی عنوان کنفدراسیون به کانادا اطلاق می‌شود، اما در واقع این کشور به صورت فدراسیون و زیر تشریفات سلطنت مشروطه مرتبط با پادشاهی متحده اداره می‌شود.



در جنوب و شمال‌غرب هم‌مرز ایالات متحده آمریکا است. مرز ۸۰۴۵ کیلومتری بین این دو کشور طولانی‌ترین مرز بی‌دفاع در کل جهان است. کانادا از سوی شرق در کنار اقیانوس اطلس و از سوی غرب در کنار اقیانوس آرام قرار دارد. این کشور از شمال به اقیانوس منجمد شمالی و شمالگان می‌رسد.

پایتخت کانادا شهر اتاوا است، محلی که در آن مجلس کشور و خانه فرماندار کل قرار دارد. او به صورت تشریفاتی رئیس مملکت است و به عنوان نماینده ملکه الیزابت دوم در کانادا، مستعمره سابق بریتانیای کبیر، زندگی می‌کند. کانادا از نظر مساحت پهناورترین عضو مجموعه کشورهای همسود (مشترک‌المنافع) است. بر پایه آمار ۲۰۰۶ (میلادی)، ۱۳۸،۰۷۵ فارسی‌زبان در کانادا زندگی می‌کنند.

کانادا رتبه دوم بزرگ‌ترین کشورها را در اختیار دارد و این کشور بیشتر آمریکای شمالی را اشغال کرده است. کانادا ازغرب و شرق به اقیانوس آتلانتیک و اقیانوس آرام واز شمال به اقیانوس منجمد شمالی محدود می‌شود و از سمت جنوب با شمالی ترین بخش ایالات متحده هم مرز است. با مستقر شدن اولین ساکنین این کشور، کانادا به عنوان کشور متحد سرزمینهای آن سوی دریاها یعنی بریتانیا و امپراتوری مستعمره فرانسه شناخته شد.

## تاریخ



آثار بدست آمده از زندگی نخستین بومیان کانادایی که در بخشی از این کشور به مدت طولانی ساکن بودند و نیز بررسی‌های باستان شناسی در شمالی ترین بخش کشور، یوکان نشان می‌دهد که زندگی در آن به ۲۶۵۰۰ سال پیش در جنوبی ترین بخش به ۹۵۰۰ سال پیش برمی گردد. در سال ۱۴۹۷ میلادی، جان کابوت پس از رسیدن به سواحل نیوفاندلند، یک مستعمره بریتانیایی ایجاد کرد. حدود ۴۰ سال بعد، ژاک کارتیه به دهانه رود سنت لورنس (در نزدیکی شهر مونترال) قدم گذاشته و مستعمره‌ای فرانسوی بنا نهاد. از آن پس، مهاجران بریتانیایی بیشتر در سواحل دریا و خلیج هادسن مستقر شدند، در حالی که فرانسویان بیشتر به سوی مناطق داخلی کانادا روان شدند. در سال ۱۷۸۳ بریتانیا کنترل بخش فرانسوی‌نشین کانادا (ایالت کبک کنونی) را نیز در اختیار گرفت.

با افزودن لایحه الحاقی قانون اساسی که در سال ۱۸۶۷ و قانون کانادا که در سال ۱۹۸۲، به تصویب رسید، استقلالش را از بریتانیای کبیر اعلام کرد. نوع حکومت کانادا، پادشاهی قراردادی (مشروطه) فدرال، همراه با نظام پارلمانی است. این کشور از ده استان و سه خطه جداگانه تشکیل شده که مردم آن چند فرهنگه و به دو ز بان مختلف گویش می‌کنند که در سطح فدرال، زبان رسمی آن، هم انگلیسی و هم فرانسوی است.

## قانون

سیستم قضایی کانادا نقش مهمی در معرفی قوانین این کشور بازی می‌کند و قدرت لغو قوانین مغایر با قانون اساسی را داراست. دادگاه عالی این کشور، بالاترین مرجع قضایی کشور است و توسط قاضی ارشد، مادامها نوربل رایت، P.C، ریاست می‌شود. ۹ عضو ان توسط فرماندارکل کانادا به پیشنهاد نخست وزیر انتخاب می‌شود.

تمامی قضات درسطح عالی واستینافی (استانی) توسط فرماندار، به پیشنهاد نخست وزیر و وزیر امور قضایی، بعد از مشورت با سازمانهای قانونی غیر دولتی منصوب می‌شوند. اعضای کابینه فدرال، دادگاههای عالی در سطح استانی و کشوری، انتخاب می‌کنند. پستهای قضایی در سطح استانی وکشوری، توسط دیگر دولتمردان، انتخاب می‌شوند.

قوانین در همه جا، به جز کبک که در آنجا قانون مدنی در نظام قضایی حکم فرماست، اجرا می‌شود. قوانین مربوط به جرم وجنایت منحصرا دراختیار مسئولین فدرال است و در سرتاسر کانادا یکی است. سازمانهای اجرای قوانین، مثل دادگاههای جنایی، در هر استان به عهده یک فرد است، اما در مناطق روستایی، نظارت برعهده پلیس سواره نظام سلطنتی فدرال (RCMP) است.



دادگاه عالی کانادا در اتاوا در غرب پارلمان

## سیاست خارجی کانادا

بنای تاریخی Peacekeeping در اتاوا

کانادا ارتباطات نزدیکی با ایالات متحده دارد که گسترده ترین مرز بدون دفاع (حصار) ومشارکت دربرخی از مبارزات و رزمایشهای نظامی را با این کشور دارد ونیز این دو کشور بزرگ‌ترین شریک تجاری هم هستند. کانادا همچنین ارتباطات طولانی وتاریخی با فرانسه و بریتانیا دو قدرت امپراتوری که درگذشته روی دستاوردهای این کشور، بسیار تأ ثیر گذار بودند، دارد. این ارتباطات با عضو شدن این کشور درسازمان رفاه عمومی ملتها و Francophonie La ، با دیگر کشورهایی که سابق بر این جزء امپراتوری بریتانیا وفرانسه بودند، گسترش یافت.

سەرچاوە Serchawe



در سال ۱۹۹۰، کانادا به سازمان ایالتهای (دولتهای ) آمریکایی پیوست و میزبان انجمن عمومی OAS در ویندسور، در ژوئن ۲۰۰۰ شد. کانادا به دنبال گسترده تر کردن روابط اقتصادی با کشورهای حاشیه اقیانوس آرام، ازطریق عضو شدن در بازار مشارکت اقتصادی کشورهای حاشیه اقیانوس آرام – آسیا ( APEC )، است.

طی ٦٠ سال گذشته، کانادا طرفدار سیاست چند جانبه بوده و تلاشهای بسیاری را برای حل مسائل جهانی در مشارکت با دیگر کشورها داشته‌است. این مسأله به وضوح در بحران سوئز سال ۱۹۵٦، زمانی که لستر پییرسون، تنشهای بوجود آمده را با پیشنهاد تلاش برای ادامه صلح وورود نیروهای حافظ صلح سازمان ملل، آرام کرد، به چشم می‌خورد.

بااین روح همکاری، کانادا سعی کرد نقش راهبر خود را در سازمان ملل در ادامه تلاشهای مربوط به برقراری صلح سازمان ملل ایفا کند ؛ که تا سال ۱۹۸۹، ٥٠ هیأت اعزامی برای تلاش در مورد استقرار صلح با همکاری نیروهای حافظ صلح un، به دیگر کشورها فرستاده‌است.

مشارکت این کشور بانیروهای حافظ صلح UN، درسالهای اولیه آغاز قرن ۲۱ تاحدی کاهش یافت. اگر چه سیاست خارجه این کشور تا حدی شبیه به آمریکاست اما همواره در تلاش است تا حتی الامکان از سیاستهای خارجی ایالات متحده در زمینه‌هایی مثل ارتباطات تجاری و دیپلماتیک با کوبا مستقل باشد.



## تقسیمات کشوری

### نقشه جغرافیای سیاسی کانادا و تقسیمات کشوری

کانادا به ۱۰ استان و ۳ قلمرو تقسیم شده‌است. استان‌ها در مجموع استقلال زیادی از دولت مرکزی دارند، اما، درجه این آزادی عمل در نزد قلمروها کمتر است. مهم‌ترین استان از لحاظ اقتصادی و سیاسی استان انتاریو می‌باشد که شهرهای تورنتو و اتاوا در آن قرار دارد. کبک، آلبرتا، بریتیش کلمبیا، مانیتوبا، نیوبرانزویک، نیوفوندلند و لابرادور، نووا اسکوتیا، اونتاریو، جزیره پرنس ادوارد و ساسکات چوان استان‌های این کشور هستند. ۳ قلمروی آن خطه شمال غرب، نوناووت و یوکان است. نوع حکومت در استان‌ها، فدرالیزم | با درجه خود مختاری بیشتر، از دولت فدرال است که این خود مختاری در نوع حکومت قلمروها کمتر به چشم می‌خورد. هرکدام ازاین دو بخش، یعنی استان‌ها و قلمروها، دارای فهرستی از سمبلهای منحصر به خود هستند.

استان‌ها، مسئول اکثر برنامه‌های اجتماعی، مثل مراقبتهای بهداشتی، آموزش وپرورش ورفاه عمومی (کمکهای مالی) هستند وباهم بیشتر در آمد را از دست فدرال دریافت می‌کنند، که این اصل تقریبا در میان ساختار حکومتی کشورها ی متحد در جهان، وجود دارد. دولت فدرال، با اعمال قدرت خود می‌تواند سیاستهای ملی را در مناطق استانی نیز، به اجرا بگذارد، مثل لایحه الحاقی بهداشت کانادا ؛ که البته مسئولین استانی می‌توانند انها را نادیده بگیرند، اما این مسأ له د رعمل به ندرت اتفاق می‌افتد.برابر سازی پرداختی‌ها (حقوق)، توسط دولت فدرال صورت گرفت تا به مردم اطمینان ببخشد که استانداردهای برابری در مورد ارائه خدمات واخذ مالیات، در میان استان‌های فقیر وغنی، ارائه می‌شود.

تمام استان‌های این کشور اعضای قوه مقننه که از سرتاسر ایالات واستان‌ها انتخاب می‌شوند و ریاست ان به عهده نخست وزیر است را انتخاب می‌کنند به همان روشی که خود نخست وزیر انتخاب می‌شود. هر استان همچنین دارای یک بخش است که نماینده ملکه الیزابت است، همانند استاندار کانادا، که به پیشنهاد نخست وزیر کانادا به این سمت منصوب می‌شود که در سالهای اخیر، در این باره با دولتهای استانی نیز، مشورت می‌شود.

### *استان‌ها و قلمروهای کانادا*



استان‌ها عهده‌دار چرخاندن برنامه‌های اجتماعی کشور هستند و همراه دولت فدرال به جمع‌آوری مالیات می‌پردازند. هم‌زمان، دولت فدرال می‌تواند برنامه‌های ملی خود را به سرتاسر کشور معرفی کند، ولی اختیار شرکت در این برنامه‌ها با خود استان‌هاست. دولت فدرال عهده‌دار میزان کردن ثروت میان استان‌هاست، و برای این منظور همه‌ساله مقداری از درآمدهای استان‌های دارا را میان استان‌های ندار پخش می‌کند. تمامی استان‌ها و قلمروها مجلس قانون‌گذاری مخصوص خود را دارند.

## جغرافیا

نقشه جغرافیای طبیعی کانادا و شهرهای بزرگ کانادا، دومین کشور بزرگ دنیا با ۹، ۲۱۵، ٤۳۰ کیلومتر مربع وسعت است، ولی جمعیت نسبتا کمی دارد. با وجود آنکه وسعت کانادا از همسایه‌اش آمریکا بیشتر است، جمعیتی معادل ۱۱ درصد جمعیت آمریکا دارد (۳۲ میلیون نفر در سال ۲۰۰٤ میلادی).

کانادا کشوری نوین و دارای فناوری پیشرفته‌است و توان تأمین انرژی سوختی خود از منابع درون‌مرزی را دارد. این کشور دارای منابع گسترده طبیعی است، و برخی از استان‌های آن وابستگی سنگینی به استفاده از این منابع دارند.

آب و هوای کانادا روی هم رفته سرد و در بیشتر نقاط قطبی است. البته آب و هوا در بخش جنوب غربی، جایی که شهر ونکوور و جزیره ونکوور از استان بریتیش کلمبیا در آن قرار دارند، معتدل است. تورنتو نیز که از شهرهای مهم این کشور است از نظر فعالیتهای بورسی در دنیا بین ۱۰ کشور مهم از نظر بورس است آب و هوای تورنتو سرد و جنگلهای تایگا در این کشور دیده می‌شود برج سی ان در تورنتو اولین برج بلند مخابراتی جهان است.

در خارج از شهر آبشار نیاگارا قرار دارد که بزرگ‌ترین آبشار از نظر عرض است و یک دهکده رویایی نیز به همین نام(نیاگارا)وجود دارد

سەرچاوە Serchawe



آبشارنیاگارا در استان آنتاریو



دریاچه مورین در پارک ملی بنف، استان آلبرتا

## جمعیت، فرهنگ، و زبان

*مردم کانادا، زبان‌های کانادا, و فرهنگ کانادا*

**(دین در کانادا) سرشماری ۲۰۰۱**

| دین | | درصد |
|---|---|---|
| مسیحی | | ۷۷,۰٪ |
| بی‌دین | | ۱۶,۲٪ |
| اسلام | | ۲,۰٪ |
| یهودیت | | ۱,۱٪ |
| بودایی | | ۱,۰٪ |
| هندو | | ۱,۰٪ |
| سیک | | ۰,۹٪ |

جمعیت کانادا بر طبق آخرین گزارش اداره آمار کانادا ، بیش از سی و سه میلیون و ششصد هزار نفر است. این آمار هر لحظه در حال تغییر می‌باشد. حدود ۸۰٪ مردم کانادا در شهرهایی که کمتر از ۲۵۰ کیلومتر تا مرزهای آمریکا فاصله دارند زندگی می‌کنند.

### جمعیت فرانسوی زبان

زبان فرانسه زبان مادری حدود ۶،۶ میلیون کانادائی است. بیشتر فرانسوی زبانان در استان کبک زندگی می‌کنند. اما در حدود ۱ میلیون نفر از آنها در استان‌های دیگر کانادا بسر می‌برند. حدود ۷۶ درصد از فرانسوی زبانهای بیرون استان کبک، در استان‌های انتاریو و نیوبرانزویک زندگی می‌کنند. زبان فرانسه به همراه زبان انگلیسی، دو زبان رسمی در کشور کانادا محسوب می‌شوند.

### ایرانیان کانادا

ایرانیان کانادا جمعیت کوچک اما قابل توجهی از این کشور را تشکیل می‌دهند. بنا بر آخرین محاسبات غیر رسمی، بیش از ۳۰۰،۰۰۰ نفر در کانادا خود را ایرانی یا منشعب از ایرانیان می‌دانند.

# دە یاسای گشتی بۆ عادەت دانی منداڵان بە هەڵسوکەوتی جوان



وەگێڕان لە فارسیەوە: تەها رەحیمی

پێڕەوی کردن لە ١٠ یاسای سادە ئەو ئیمکانە بە ئێوە دەدا ئاکارە باشەکانی منداڵەکانتان بە هێز بکەن و لە ئاکام دا بەو ئاکارانە عادەتیان بدەن.

**١. ئاکارە باشەکانی مناڵەکان و بەهێز کەن نەک ئاکارە ناشیرینەکانیان:**

وا بکەن کە منداڵەکان و بە شێوەیەکی بە حەدەبانە داواکانی خۆیان دەربڕن نەک بە ناز ونووز و قیژاندن و یان سەر خستنە سەر و بزۆزی و رق هەستان. هەوڵ بدەن قسەو باسە هێورەکانی نێوانتان زیاتر کەن، نەک ئەوەی دمەقرەو پێداگری و بەشەڕهاتنەکانو کە جار جارە بۆتان دێتە پێشێ.

**٢. فێریان کەن بەر لە قسە کردن بیر بکەنەوە:**

هەمیشە لە کاتی قسەکردنتان لەگەڵ منداڵەکانتاندا لێیان بپرسن مەبەستت چییە؟ چەندەت بیر لەو قسەیە کردۆتەوە؟ داوای لێبکەن هەمیشە قسەکانی بجوێ پاشان دەریانبڕێ؛ ئەگەر بەو شێوازە جووڵاوە و لە سەری لێبڕاو بوو خەڵاتی کەن.

**٣. چاوەڕوانی ئاکاری باشتان و لە منداڵەکانتان هەبێ:**

منداڵان دەبێ بزانن کە ئێوە چ چاوەڕوانییەکتان و لێیان هەیە و ئەوان دەتوانن چ چاوەڕوانییەکیان لێتان هەبێ. کاتێک منداڵەکان بزانن دژکردەوەی ئێوە بەرابەر بە کردەوکانیان چ دەبێ دەتوانن ئاکارە هەڵبژێردراوەکانی خۆیان چاکتر کەن. دڵنیا بن کە دەتوانن متمانەیان پێبکەن.

**٤. منداڵان متمانەیان بە قسەکانی ئێوە هەیە.**

منداڵەکانتان و بە شێوازێک رابێنن کە لە هەر دۆخێک دا بە پێی پێویست هەڵسوکەوت بکەن. فێریان کەن بنەڕەتی ترین شت تێکۆشانە. لە دۆخی باش دا دستخۆشییان پێ بڵێن. کاتێک دەسخۆشیان پێ دەلێن، ئەوان هەست بە باوەڕ و متمانەی ئێوە سەبارەت بە خۆیان دەکەن و لە ئاکام دا بڕوا بە خۆیان و تواناکانیان دێنن.

**٥. کاتێ سەرچەشنی ئاکاری نالەبارتان و دیاری کرد، شێوازی هەلسوکەتتان بگۆڕن:**

منداڵەکانتان فێری ئەو رێساو ئاکارانە بکەن کە لە نێو بنەماڵەکەتان دا چەسپاون، وریا بن کە ئەو رێسایانە دەبێ دیاریکراو، نەگۆر و عەقڵانی بن. کەڵک لە خشتەی ئاکار و دەروەستییەکان وەرگرن، بە سەرکەوتن و ئاکارەکانیان دا هەڵ بڵێن؛ پشتیوانیان لێ کەن و دەسخۆشییەکانیش لەو خشتەیە دا بگوونجێنن.

**٦. تەمبێی ئاوەزمەندانەیان بۆ لە بەرچاو بگرن:**

لە هەمبەر منداڵەکانتان جۆرێک لە تەمبێ کردن بگرنە بەر کە هەست بەوە بکەن لە بەرانبەر کرداری ناپەسندیان دا بەرپرسیارن. منداڵان بە تەمبێ عەقڵانەو درێژە بە باش ژیان کردن دەدەن. ئەو تەمبێیانە دەتوانێ بەرتەسک بوونەوەی چوونە دەرێ لە خۆ بگرن. ئەوەتان لە بیر نەچێ قەت ئەو کاتەی قەڵس و تووڕەن تەمبێیان مەکەن.

**٧. لە منداڵییەوە فێری ژینیان بکەن:**

کاتێ هێشتا منداڵەکەتان چکۆڵەیە، فێری هەست بە بەرپرسایەتی و بڕیاردانی بکەن: ئەو وانانە ئەوان بۆ جیهانی راستەقینە ئامادە دەکەن.لە بیرو بێ منداڵان پێویستیان بە سنووردارێتی، پێکهاتە و رێساگەلی سەقامگیر هەیە.

**٨. خۆشتان بوێن:**

سەرەڕای ئاکارە باش و خراپەکانی منداڵان دەبێ ئەوانتان خۆش بوێ و هەڵوێستە لە سەر خاڵی ئەرێنی ئەخلاقی و هەلسوکەوتیان بکەن و سەرنجیان پێ بدەن.

**٩. پێیان بڵێن کە کاری باش بێ پاداشت نییە:**

بۆ ئەوەی هەستێکی باشیان سەبارەت بە ئاکاری باش هەبێ، فێریان کەن خۆیان وەدوای پاداشتی ئاکاری باشیان کەون.

**١٠. ژینگە و کەشێکی خێزانی ساڵم و دڵگر پێک بێنن:**

توانای و لێهاتووییەکانیان پشتراست بکەنەوە و لاوازییەکانیان ببین و بۆ چارەسەریان یارمەتیدەریان بن. قبووڵ کەن کەس بێ حەیب نییەو هەلی قەرەبوو کردنیان بدەنێ.

**********************

## دایک ڕووناکیەکە هەرگیز ناکوژێتەوە – ڤۆڵتێر

# ئافرەتی ڕووناکبیری تێکۆشەری کورد خاتوو "نەجیبە خانی جەلیزادە



ئافرەتی ڕووناکبیری تێکۆشەری کورد خاتوو "نەجیبە خانی جەلیزادە" لەشەوی ١١ لەسەر ١٢ی مانگی حوزەیرانی ١٩٩٩دا لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا کۆچی دواییکرد و زنجیرەیەک کتێبی مێژوویی و فۆلکۆری بە دەسنووسی لەپاش بەجێما .

ئەم ئافرەتە خزمەتگوزارە پێشکەوتنخوازەی کورد لە ١٩١٧.٠٩.٠٨دا لەشاری کۆیە، شاری وێژە و هونەر و زانست، لە دایکبووە. کچی مەلای گەورەی زانا و شاعیری شیعری کۆمەلایەتی بووە. لەو کاتەی، کە خەڵکی شاری کۆیە لە سەرەتاکانی بیستەکانی سەدەی ڕابوردوودا کوڕەکانیان نەدەنارده قوتابخانەی فەرمیی، باوکی زانا و چاکەخوازی ئەو کچەی خۆی لەگەڵ کوڕان لەساڵی ١٩٢٤دا لە قوتابخانەی سەرەتای کۆیە لەبەر خوێندن دانا، تاکو بووە پۆلی پێنجەم و خاوەن زانیاری ڕۆشنبیرییەکی هۆشیارانە، خەڵکەکە بەگەرمیەوە ڕۆڵەکانی خۆیان لەبەر خوێندن دانا. ئەو ئافرەتە هۆشیارە زیرەکە لەسەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمەوە تێکەڵ بەخەباتی ڕامیاری میللەتەکەی بووە و بووەتە لایەنگیرێکی دڵسۆتی و چالاکی پارتی هیوا و ئافرەتانی شارەکەی بۆ خەباتکردن لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی خۆیان و نەتەوەکەیان هۆشیار کردۆتەوە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤١.٠٨.١٦دا بووەتە ئەندامێکی دڵسۆزی ئەو پارتە نەتەوەییە دیموکراتییەی کورد و ڕۆڵێکی ڕامیاری باشی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و هەستی نیشتمانی لەنێو ئافرەتانی شارەکەیدا هەبووە، بەتایبەتی لەسەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەدی نەمرلەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ١٩٥٣.١٢.١١دا ڕۆڵێکی باشی تێدا گێڕاوە و بەنهێنی بەسەرۆکی یەکێتی ئافرەتان لە کۆیە هەڵبژێردراوە و لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی 14ی تەمموزی 1985یشدا بەشێوەیەکی ئاشکرا بەسەرۆکی یەکێتی ئافرەتەکانی کوردستان - لقی کۆیە هەڵبژدراوە و لەئاهەنگ و بۆنە نیشتمانیەکاندا وتاری یەکێتی ئافرەتانی خوێندۆتەوە و مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بزوتنەوەی ئافرەتانی کوردستانی بۆ جەماوەر شیکردۆتەوە.

خاتوو نەجیبە بەشداریی لە شۆڕشی ئەیلوولدا کردوو و لە دوای نسکۆهێنانی ئەو شۆڕشە مەزنەش بەکاریگەریی پلانە چەپەڵەکەی جەزائیر لە ١٩٧٥.٠٣.٠٦دا لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٧ لە ئێران ماوەتەوە و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری ژیانی دەربەدەری چەشتووە، ئینجا گەڕەواتەوە کۆیە و لەو شارەدا ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی وەک "حەپسەخانی نەقیب" لە سلێمانیدا بینیووە و هەموو لایەک ڕێزیان لێناوە، چەند ساڵێک پێش کۆچکردنی ڕوو دەکاتە شاری هەولێری پایتەخت و لە ئەنجامی پیریی تووشی نەخۆشی ئێسکەنەرمەی قاچ هات .

ئەم ئافرەتە ڕووناکبیرە لە ماوەی ژیانیدا سێ بەرگ لە تەفسیری قورئانی لە نووسینی مەلای گەورەی باوکی بە چاپگەیاندووە و لە نووسینەکانی خۆیشی کۆمەڵێک بابەتی بەنرخی بەدەسنووسی لەپاش بەجێماوە و لەوانەش:

١- مێژووی کۆیە
٢- مێژووی بنەماڵەی جەلیزادە
٣- هەواڵی ڕووداوەکانی کوردستان لەسەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٦١دا
٤- کۆمەڵێک لە چیرۆکی فۆلکلۆری و دیاری کوردەواری

**باشترین مامۆستا ئەو کەسەیە لە خۆیەوە دەست پێبکات – مۆزارت**

شێعر

# سروودی ژن ...

نووسینی: حەمە سەعید حەسەن

یاخی بە لەو کۆمەڵەی
بە ئینسانت نازانێ،
لەو کولتوورەی بە چاوی
سووکەوە بۆت دەڕوانێ.

یاخی بە لەو ڕێسایەی
گوێ بۆ دەنگت ناگرێ،
یاخی بە لەو یاسایەی
گۆشاوگۆش سەرت دەبڕێ.

یاخی بە لە دابی باو
لە هەڕەشە و زەبری پیاو،
یاخی بە لە قەفەز و
لە هێزی زێڕ و دراو.

ولاتێکی ژێردەستەی
ڕابە بۆ ئازادیی خۆت،
قەڵای ورەت قایم بێ،
بشکێنە کۆتی ئەستۆت.

ئەی شاکاری خوای مەزن!
چاو ببڕە ئاسۆی ڕۆشن،
یاخی بە لە ئەی مامۆستای
بەرگەی ژان و خەم گرتن.

ئەی ڕەمزی جوانسالاری
زاتی بلندی خودا،
جوانیی خۆی لە ڕێی تۆوە،
نیشانی دنیا دەدا.

ئەی جوانترین بوونەوەر!
ئەی بەخشندە و داهێنەر!
مل کەچ مەکە بۆ گوشار،
خۆت مەدە دەستی قەدەر.

ڕابە ئەی ژنی بوێر!
بۆ داد و بۆ یەکسانی،
بۆ ژیانێ تژی بێ
لە هیوا و کامەرانی.

یەکبوون
سەرچاوە Serchawe

# کورتەیەک لە سەر شەهید مەلا ئاوارە




لە لایەن ماموٚستا ئەبوبەکر فەلسەفی کادری هەڵسوور و چالاکی ساڵانی ۴۶ و ۴۷ی هەتاویی.

ئامادە کردنی: ڕەحمان خالیدنژاد

مەلا ئاوارە تا ئەو کاتەش ئەندامی هیچ سازمان و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو هەستی کوردایەتی و سۆزی نیشتمان پەروەری دەستی پێ لە فەقێیەتی و خوێندنی ئایینی هەڵگرتبو، لە ژێر کاریگەری شۆرشی کوردستانی عێراق و ڕاپەرینە جەماوەریەکەی دا خۆی گەیاند بۆ (ماوەت (

پ: بەڕێز ماموٚستا فەلسەفی سەرەتا چۆن لە گەڵ مەلا ئاوارە ئاشنا بووی و جەنابت تا چ ڕادەیەک ئاگاداری کارو تێکۆشانی شەهید مەلا ئاوارەی؟

و: لە ساڵی ١٣۴١ی هەتاوی ماڵی ئێمە لە گوندی "ئاوکورتێ" لە ناوچەی ماوەت بوو، من لەو کاتەدا بێجگە لەوەی کە مەلا و دەرسوێژی ئاینی گوندەکە بووم، بەرپرسی کۆمیتەیەکی بەرینی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش بوم بە نێوی (م- ب- س) ئەو مەڵبەندە کارو باری تەشکیلاتی و ڕێکخستنی ناوچەکانی مەریوان، بانە، سەقز، سەردەشتی بە ئەستۆوە بوو . ئەندامانی بەر چاو و بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە بریتی بون لە کاک ڕەشید ئەحمەدی (ڕەشیدخانی کێوەرۆ) عەبدوڵا نەعلبەندی، و ... مەڵبەندی(م- ب- س) بە چاوەدێری مادی و ڕاوێژی مەکتبی سیاسی پارتی بەڕێوە دەچوو .

لە یەکێک لە ڕۆژەکانی هەمان ساڵدا(١٣۴١) لە دیدەنی و سەردانێکی من بۆ بارەگای پارتی کە لە نێزیکی گوندەکەمان بوو، بۆ یەکەم جار شەهید مەلا ئاوارەم چاو پێکەوتوو یەکترمان ناسی .

شێوەی ناسینەکەمان بەم جۆرە بوو: کە من لە گەڵ زیندەیاد (نوری ئەحمەد تەها) لە میوانخانەی مەکتەب دانیشت بووین باسمان لە شێعری عروزی و شێعری نوێ دەکرد، کە من لایەنگری شێعری عروزی و ئەویش شێعری نوێ و بێ وەزنی پێ چاک بوو. کورێکی لاوی شێوە فەقێ لەو لامان دانیشتبوو، تفەنگێکی ١١ تیری لە پەنا خۆی هەڵپەسارد بوو، زۆر بەتامەزرۆییەوە گوێی بۆ وتووێژەکەمان ڕاگرتبو، لە ناکاو هاتە پێش و گوتی ئەگەر ئیجازەم بدەن منیش ڕای خۆم لە بارەی ئەم باسەوە دەر دەبرم، دیار بو کاک نوری دەی ناسی و گوتی فەرمو کاک مەلا بزانم تۆ دەڵێی چی؟ کورەکە بە زمانێکی ڕەوان و شیرین بەرگری لە شێعری کێش داری عروزی کرد و بوو بە پشتیوانی بۆچونەکانی من، لە گەرمەی باسەکەماندا کاک نوریان بانگ کرد کە بچێت بۆ مەکتەبی سیاسی، من و کوڕە گەنجەکە هەروا باسەکەمان تاووتوێ دەکرد کە لە دوایی دا لێم پرسی ناوت چیە؟ خەڵکی کوێی؟ لێرە چ دەکەی؟

گوتی ناوم ئەحمەدە فەقی بووم خەڵکی گوندی شلماشی لای سەردەشتم، کارەکەشم ئەوە دەبینی کە پێشمەرگەم. ئەویش پرسیاری ناوو نیشانی منی کرد کە خۆم ناساند، گوتی لە مێژە هەوڵدەدەم بت بینم جارێکیش هاتم بۆ ئاو کورتێ جەنابت لە ماڵ نەبووی شەو لە حوجرەی فەقێیەکانتان میوان بوم.

گوتم دەی باشە کاک مەلا ئەحمەد ئەوە ئێستا لە خزمەتدام بەڵێن بدە پێکەوە بچین بۆ ماڵی ئێمە، دیار بو زۆری پێ چاک بوو، گوتی جا دەبێ بچی مۆڵەتم بۆ وەر بگری، ئیتر من چووم بۆ لای عەلی مام ڕەزا کە فەرماندەی پێشمەرگەکانی مەکتەبی سیاسی بوو، بەرگەی دوو ڕۆژ مۆڵەتم بۆ وەرگرت و لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا بەرەو گوندی ئاوکورتێ و ماڵی ئێمە وەڕێ کەوتین، ماوەی ڕێگاکەمان کەمتر لە دوو کیلۆمیتر بوو.

لە ماوەی دوو ڕۆژ مانەوەی مەلا ئەحمەد لە لای ئێمە لە بارەی وەزعی ئەو دەمانەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە بارەی کاریگەری شۆرشی کوردستانی گەرمێن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە بارەی زیندە یاد کاک ئەحمەد تۆفیق و جۆری هەڵسوکەوتی ئەو ڕۆژانە و لە بارەی چۆنایەتی پێک هێنانی مەڵبەندی) م-ب-س) و زۆر باسی دیکەمان تاوو توێ کرد.

شەهید مەلا ئاوارە پێشنیاری کرد کە وەک هاورێیەکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە مەڵبەندی(م -ب- س) دا ببێتە هاوکارمان، من زۆرم بە لاوە چاک بوو



زۆریشم پێ خۆش بوو بەڵام بە تەنیا ڕێگەی بڕیار دانم نەبوو، دەبوو لە گەڵ کاک ڕەشیدی ئەحمەدی و هەڤاڵانی‌تر باس و پرس بکەم.

مەلا ئاوارە تا ئەو کاتەش ئەندامی هیچ سازمان و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو هەستی کوردایەتی و سۆزی نیشتمان پەروەری دەستی پێ لە فەقێیەتی و خوێندنی ئایینی هەڵگرتبو، لە ژێر کاریگەری شۆرشی کوردستانی عێراق و ڕاپەرینە جەماوەریەکەی دا خۆی گەیاند بۆ) ماوەت) و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە بەر کردبوو. هێشتا دوو حەوتو لە پێشمەرگایەتیەکەی تێپەڕ نابێ کە دەبێتە خۆشەویست و باوەر پێکراوێکی پتەوی فەرماندەی هێزی خەباتی ئەو کاتە کە شەهید عەلی عەسکەری بوو.

دوای ماوەیەک بۆ پارێزگاری لە بارەگەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق، وەک پێشمەرگەیەکی باوەڕ پێکراو و متمانەدار، دەی نێرنە گوندی (عیساوێ) کە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی لەو گوندە بوو.

به هەر حاڵ بۆ بەیانی ڕۆژی سێهەم کە دەبوو مەلا ئاوارە بگەڕێتەوە بۆ مەکتەب منیش هاوڕێیەتیم کرد، هێشتا لە گوندەکە نەچوبوینە دەر کە لە گەڵ مامۆستای نەمر ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری ئەو دەمی پارتی و پارێزەرەکانی روبەرو بووین کە ئەوانیش دەچوونەوە بۆ مەکتەبی سیاسی

ماڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد هەر لە گوندەکەی ئێمە نزیکەی دوو سەد مترێک بەولای لە نێو باخێکی گوندی (ئاوکورتێ) دا خانوێکی کاتیان بۆ دروست کرد بوو، ماڵ و منداڵەکانی لەو خانوە دا بوون، مامۆستاش زۆربەی ئێواران لە مەکتەبەوە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە و بەیانیش وێرای پارێزەرەکانی دەگەرایەوە بۆ مەکتەبی سیاسی.

ئیتر لەگەڵ مامۆستا بووینە هاوڕێی ئەو ڕێگایە، بەدەم ڕێگە ڕۆیشتنەوە باسی مەلا ئاوارە و هاتنی بۆ نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هاوکاری لە گەڵ مەڵبەندەکەمانم بۆ مامۆستا گێڕایەوە، کە زۆر بەلایەوە پەسەند و چاک بوو، ئێستە کە گەیشتینەوە مەکتەب لە گەڵ هەڤاڵانی پەیوەندیدار باسەکە بکەن و منیش زۆرم پێ باشە.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە گەڵ هەندێک لە سەرکردایەتی پارتی باسەکەمان کردەوە، ئیتر زیندە یاد مامۆستا نوری سەدیق شاوەیس پێی گوتم با مەلا ئاوارە لە گەڵ تۆدا بێت و پرس و ڕاو و کۆبونەوەتان لە گەڵ مەڵبەندی(م- ب- س) پێک بێنن جا ئەگەریش موافەقەت نەکرا با بگەڕێتەوە لای مەکتەب.

ئیتر دووباره لە گەڵ مەلا ئەحمەد گەڕاینەوە بۆ ماڵی ئێمە، دوای دوو ڕۆژ چووین بۆ گوندی (بێورێ (لە ناوچەی سیوەیل کە بارەگاکەی (م- ب- س) لەو گوندە بوو.

کاک ڕەشید خانی ئەحمەدی و عەبدوڵا سەدیق لە ئەندامانی مەڵبەند لە بارەگاکە ئامادە بون مەلا ئاوارەم پێ ناساندن زۆریان پێ خۆش بوو.

نزیکەی دوو ڕۆژ هەروا لە بارەگای مەڵبەند ماینەوە، لەو ماوەیەدا بڕیارماندا کە مەلا ئاوارە ببێتە بەرپرسی تەشکیلاتی ناوچەی سەردەشت ئیتر لەوە دوا مەلا ئاوارە تاوی دایە ڕێکخستن و تەشکیلاتێکی زۆر ئازایانە و بوێرانە، نەهێنی کاریەکانی تەشکیلاتی ئەو ئازیزە سەرسوڕ هێنەر بوو.

مەلا ئاوارە یازدە مانگ لە گەڵ ئێمە مایەوە، کار و باری تەنزیمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی لە ناوچەکانی سەردەشت دا بە ئەستۆوە بوو.

لەو دەمانە دا مەلا ئاوارە وەک کەسایەتیەکی سیاسی بە نێو بانگ نەناسرا بوو، بەڵام جۆری هەڵسوکەوت و وتووێژی لە گەڵ خەڵکیدا وەها سەرنج ڕاکێش بوو کە لە دڵان دا جێی خۆی دەکردەوە و خۆشەویستی لای هەموو دۆستان و یارانی بوو.

مەلا ئاوارە کوڕێکی هێور و هێدی و لەسەر خۆ بوو، کوڕێکی ئەدیب و نوکتەزان و شیرن زبان بوو.

روحی شادو ڕێگەی پڕ هەموار

سەرچاوە: گیارەنگ





# پەندی پێشینیان



**مەلا غەفووری دەبباغی**

پەسندتر بووە چ ئێستا، چ زوو — ڕێوی گەڕیدە لە شێری نووستوو
شوان دەڵێن شوانیی پێ ئیفتیخارە — نانچنینەوەی لا عەیب و عارە
وەک فەرمویانە پیاوانی حاڵی — قەت بۆ گا نابێ گوێلکی خۆماڵی
پەندێکیتریش هەیە لەم بارە — دەڵێن گای جووتی، بە گوێلکی دیارە
مریشک بۆخۆی وەسەر نەکا خۆڵ — ناکری بە سەریا بە هیچ شان و قۆڵ
سەرباری خەڵکە تەنبەڵی بێخێر — دەستی ماندووە لەسەر زگی تێر
ئەو ڕۆژە هەر دێ سەرکەوی لە کەل — بەو مەرجە بەجێ نەمێنی لە گەل
وا مەشهورە شوان هەتا بخەوێ — مەڕەکەی زیاتر لێ دورر ئەووەوێ
نانێ ڕۆژ پەیدا بکە و نانێ شەو — هەڵمەگرە هەرگیز منەت لەم و لەو
شوێن بۆ سەر پیشەی خۆی دەچێتەوە — گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە
ڕووبەڕوو دەبی لەگەڵ ژینی تاڵ — چونکی بە خەیاڵ کەس نەبووە بە ماڵ
پشیلە دەمی بۆ دووگ نەدەچوو — دەیگوت پێم ناخورێ، چەند سوێرە پەککو



گراوی سەردەشت

# چیرۆک بۆ منداڵان

## شادو ڕێزگرتنی هاوڕێکانی

هەڵوێست عبدالله زادە



هەرچەندە شاد کچێکی زیرەک و لێهاتووبوو,بەڵام هەمیشە کەسێکی ببینیایە گاڵتەی پێدەکردو لەبەرچاوی هاوڕێکانی دەیشکاندەوە.جاکەسەکە چ بچووک بوایە چ گەورە.لەهەمان کاتدا هاوڕێکانی زۆریان خۆش دەویست بەڵام حەزیان نەدەکرد بەم شێوەیە مامەڵەیان لە گەڵ بکات.چونکە هەستیان بە ناخۆشی دەکرد کاتێک گاڵتەیان پێدەکرێت لەلایەن شادەوە.داراش کەبرای شادبوو ئامۆژگاری دەکردکە ئەوە کارێکی ناشیرنەوە داوای لێدەکرد چیتر بەم شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ هاوڕێکانی نەکات.تاکو خۆشەویست بێت لای هەمووان و کەسیان دڵیان لێی نەرەنجێ.بەڵام ئەونەدەگۆڕاو بەقسەی کەسی نەدەکرد.لەکارەکەی بەردەوام دەبوو ئامۆژگاریش کاری لێنەدەکرد.تاکو رۆژێکیان لەکاتی چوونی بۆماڵی مامی ئاگادارنەبوو کاتێک لەبەرخێرایی خۆی خۆی کێشا بەئینجانەیەک کەگوڵی تیا ڕوێنرابوو وە بووەهۆی شکانی ئینجانەکەو ئازارپێگەیشتنی شاد.بەوهۆیەوەباوکی بەتوڕەییەکی زۆرەوە هاواری کرد بەسەرشادو سەرزەنشتی ئەوهەڵەیەی کرد.لەو کاتەشدا مناڵەکانی ماڵی مامی کەوتنە پێکەنین و گاڵتەپێکردنی.دارای براشی کەئەمەی بینی زۆرپێی ناخۆش بوو و چووبۆلای شادوو پێی گووت:شادی خوشکم هیچ خەمخۆ باگاڵتەت پێبکەن,تۆتەنهالەبەرخێرایی خۆت ئەم هەڵەیەت ئەنجام دا.بەڵام بۆچی پێشترگاڵتەت بەهاوڕێ کانت دەکرد؟هەست ناکەیت گاڵتەکردن بەهاورێکان زۆرناخۆشەو هەستی کەسی بەرامبەر بریندارەدەبێت و پێی دڵ توند دەبێت؟بۆیەپێویستە تۆش لەمەو دوا ڕێز لەهاوڕێ و کەسانی دەوروبەرت بگریت تاکو ببیە جێی ڕەزامەندی هەموو لایەک بەتایبەتی کەتۆ قوتابییەکی زیرەکیت.شادیش بەم قسانە هەڵەی خۆی زانی و بڕیاری دا لەمەودوارێزلەکەسانی دەوروبەری بگرێت و ببێتە نمونەیی ترین قوتابی قوتابخانەکەی.

## درۆ کردن



ڕەوا کوڕێکی تەمەن 11 ساڵان بوو. بەڵام تا بڵێی کوڕێکی درۆزن بوو!دایک و باوکی بە دەستیەوە بێزار ببون هەمیشە ئامۆژگاریان دەکرد کە واز لەم ڕەفتارە خراپە بهێنێت،بەڵام ئەم ئامۆژگاریانە بۆ ڕەوا بێ سود بوو.تا وای لێهاتبوو لە قوتابخانەش کەس باوەڕی بە قسەکانی ڕەوا نەدەکرد! تا ڕۆژێکیان مامۆستا لە قوتابخانە ئەرکی ماڵەوەی پێیان دا،بەڵام کاتێ ڕەوا چووە ماڵەوە،هیچ شتێکی نەخوێند تەنها سەیری تەلەڤیزیۆنی کرد بۆ بەیانی ڕەوا چووە قوتابخانە بینی هەمو قوتابییەکان ئەرکی ماڵەوەیان کردووە،تەنها ئەو نەبێ ڕەوا چووە پۆلەکەی تەنیشتیان و دەفتەری یەکێک لە هاوڕێکانی هێنا.پاش ئەوەی کە مامۆستا هاتە ژوورەوە وگوتی:دەی ئێستا ئەرکی ماڵەواتانم پێ پیشان بدەن کاتێ مامۆستا گەیشتە لای ڕەوا سەیری دەفتەرەکەی ڕەوای کرد بەڵام هەستی کرد کەوا ئەم دەست و خەتە هی ئەو نیە،پاشان مامۆستا سەیری ئەم ناوەی کرد کەوا لەسەر دەفتەرەکە نوسرابوو بەڵام بینی ناوەکە ناوی ڕەوا نەبوو ڕووی کردە ڕەواو گوتی:ئەم ساڵ تۆ هەر لە پۆلی چواردا دەمێنیتەوە!من لە وانەکەی خۆم تۆ دەرناچوێنم.هەر لەم ساڵەدا ڕەوا لە وانەی کوردی دەرنەچوو دووبارە لە پۆلی چوارەمدا مایەوە .ڕەوا زۆر پەشیمان بوو چونکە ئەم ڕووداوەی بەسەری هات بە هۆی درۆ کردنەوە بوو،جا منداڵە *خۆشەویستەکان ئێوەش تاوەکو لە ژیان دا ماون هەرگیز درۆ مەکەن.* *سایتی کانیاو*

## هۆنراوەی مناڵی کوردم

من ڕۆڵە ی کوردستانم هاوڕێی شاخ و تەلانم
خە ڵک وخاکم خۆشدە وێ دڵ بێ ئەوان ناسرە وێ
خوشکم ئازاو چالاکە دڵی بێ گەرد و پاکە
کاکم زۆر گورج و گۆڵە وریا و بێ فڕ و فێڵە
دایک و باوکم ڕووخۆشن بێ من ئاویش نانۆشن
من پەروەردە ی کوێستانم گە ورە بووی کوردستانم

هیوا مەریەمی

سەرچاوە Serchawe

# تەندروستی

## سەوزە مرۆڤ لە جەڵتە دەپارێزێت



جۆرەکانی سەوزە لەوانە گەلا پان و پەتاتە و مۆز رێژەیەکی زۆر پۆتاسیۆمیان تێدایە و خواردنیان مرۆڤ لە جەڵتە دەپارێزێت.

ماڵپەری (هیڵس زە نیوز) بڵاویکردۆتەوە، ئەو لێکۆڵینەوەیە زانایانی ئیتاڵی بە پشتبەستن بە ٨ لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە لە ساڵانی ١٩٦٦ تا ٢٠٠٩ لەسەر ٢٨٠ هەزار نەخۆش ئەنجامیانداوە.

لەو ماوەیەی کە زانایان لێکۆڵینەوەکەیان ئەنجام داوە ٥ هەزار و ٥٠٠ کەس تووشی جەڵتەی مێشک و ٣ هەزار و ١٠٠ کەس تووشی جەڵتەی دڵ بوونە.

لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە ئەوانەی سەوزە زۆر بەکاردەهێنن بە رێژەی ١٩ لە سەد کەمتر تووشی جەڵتەی مێشک و ٨ لە سەدیش کەمتر تووشی جەڵتەی دڵ دەبن.

ئەو لێکۆڵەرەوانە ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن کە بە رێژەیەکی زۆر ئەو خواردنانە بەکاربهێنن کە رێژەیەکی زۆر پۆتاسیۆمی تێدایە.

ئەو خواردنانەی رێژەیەکی زۆری پۆتاسیۆمیان تێدایە بریتین لە سۆیا، ماستی بێ چەوری، گیراوەی خۆخ، فاسۆلیای وشک و بازلیا.

## چەند خولەکێک چالاکی لەناو سروشت بۆ تەندروستیی دەروونی بەسوودە



توێژەران دەڵێن، رۆژانە 5خولەک چالاکی لەناو سروشتی سەوزدا، یارمەتیی باش بوونی تەندروستیی دەروونی دەدات.

بە پێی هەواڵێکی بی‌بی‌سی، کۆمەڵێک چالاکیی وەک پیاسە کردن و پایسکلسواری لەناو سروشت، کاریگەریی باشی هەیە لەسەر تەندروستیی دەروونی.

لێکۆڵینەوەی توێژەرانی بەریتانی کە لەسەر ١٢٥٠کەس ئەنجامیان داوە، نیشان دەدات کە چالاکی لەناو سروشتی سەوزدا، باوەڕیی تاکەکان بەخۆیان بەرز دەکاتەوە.

توێژەرانی زانکۆی "سکێس" گوتوویانە، زۆرترین کاریگەریی ئەم چالاکییانە، لەسەر گەنجان دەدیترێت.

بە گوتەی ئەم توێژەرانە، پێنج خولەکی یەکەمی چالاکی لەناو سروشت، زۆرترین کاریگەریی لەسەر باشتر بوونی تەندروستیی دەروونی هەیە و هەرچەندە بەردەوام بوون لەسەر ئەم چالاکییانە سوودی خۆی هەیە، بەڵام کاریگەرییەکەی بەقدرای 5خولەکی یەکەم نییە.

توێژەران دەڵێن، ئەگەر ئەم چلاکییانە لە کەنار رووبار یان دەریاچە بێت، کاریگەریی زۆرترە.

"جولز پێرتی" سەرپەرشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەڵێت: ئەم چالاکییانە، زۆرترین کاریگەرییان لەسەر کەسانی پڕکار، کەم جووڵە و نەخۆشانی دەروونی هەیە.

پێرتی گوتی: "دەبێت خاوەن کارەکان داوا لە کارمەندانیان بکەن کاتی خواردنی نیوڕانان، چەند خولەکێک لە پارکی نزیک شوێنی کارەکانیان پیاسە بکەن."

"پۆل فارمەر" سەرۆکی دامەزراوەی خێرخوازیی "مایند" کە لە بواری تەندروستیی دەروونی کار دەکات، دەڵێت: "ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەی دەسەلمێنێت، چالاکی لە سروشتی سەرسەوز، شێوەیەکی هەرزانە بۆ باشتر کردنی تەندروستیی دەروونی."

فارمەر دەڵێت، دەبێت پزیشکان بۆ دەرمانی خەمۆکیی نەخۆشەکانیان، وەرزش لەناو سروشتیان پێ پێشنیار بکەن.

## خواردنی ( فراولە ) بۆ سەلامەتی پێست سوودمەندە



بە پێی دوایین توێژینەوەکان ، خواردنی ( فراولە ) بۆ سەلامەتی پێست سوودمەندە ، هەروەها بۆ نانۆپۆکانی پەیوندی گەدە و هەروەها بە هێزکردنی گەدە زۆر بە سوودە .

فراولە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە لە ڤیتامین سی کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی سیستمی بەرگری لەش و خواردنی ( فراولە ) حاڵەتی فێنک کەرەوەی هەیە وهەروەها ڕێگر دەبێت لە گیرانی دەمارەکانی دڵ، حەزکردن بە خواردن زۆر دەکات و دەبێتە هۆی میزکردنی زۆر.خواردنی بەردەوامی (فراولە )ڤیتامین سی لەش دابین دەکات .ئەو ڤیتامینە لە گروپی ئانتلا ئاکسیدانەکانە، ڕێگری دەکات لە چاڵاکی رادیکالە ئازادەکان وهەروەها لە ڕێژەیەکی زۆر پتاسیۆم و مێنزیۆم پێکهاتووە

**پەیامنیر**

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

**ئەوەی دەیزانین دڵۆپێکە ئەوەی نایزانین ئۆقیانووسێکە - نیوتن**



# بۆ پێکەنین



## کابرای درۆزن



جاریکیان کابرایک زۆردرۆزن بوناوبانکی ده رکرده بو رکابرایه ک لیی ده بیته مرافکه بێ بینیت

رۆزیک ده جیته مالی کابرای درۆزن له ده رکائه دات مندال یک ده رکائه کاته وه

کابرا بیی ده لیت باوکت له ماله ؟

منداله که ده لیت ناوه لله

ئه ویش ده لیت بۆکوی؟

چووه ؟ ده لیت ئاسمان درابوو چوو بی دووریته وه

کابرا ده لیت ئه ی با به مندا له که ی هه نده درۆزن بیت!؟

ده بیت باوکی جۆن بیت؟

## قۆربانی



ژنێک مەڕێکی کڕیوە و قەسابێکیشی بانگ کردووە تا بۆی سەرببڕێت بۆ ئەوەی بیکات بە قوربانی

بەر لەوەی قەسابەکە مەڕەکە سەر ببڕێت ژنەکە ئەڵێ:

ئەم مەڕەم خێر بێت بۆ دایک و باوکم لە بەریتانیا،

بۆ خوشکم و خێزانەکەی لە ئەڵمانیا، بۆ خاڵ و خاڵۆژنم لە سوید،

کابرای قەساب قسەکەی پێ ئەبڕێت و پێی ئەڵێ:

ئەرێ خوشکم تۆ گۆرانی داواکراو پێشکەش ئەکەیت یان قوربانی ئەکەیت.

## دز

دزێک ئەچێت بۆ سەرقەبران بۆ دزینی کێلی قەبر. دزەکە خەریکی دەرهێنانی کێلی قەبری منداڵێک ئەبێت، کە پۆلیس دێت بەسەرا. بۆ ئەوەی پۆلیسەکان شکی لێ نەکەن، دزەکە دەست ئەکات بە گریان بەسەر قەبرەکەدا. پۆلیسێک لێی ئەپرسێت:



ئەمە قەبری کێیە؟

دزەکەش لە شڵەژاویدا ئەڵێت:

قەبری باوکمە.

پۆلیسەکە ئەڵێ:

ئەی بۆ ئەوەندە بچووکە؟

دزەکەش ئەڵێ:

ئاخر زۆر بە منداڵی مردووە

## دوکتور

*کابرایەک ئەچێت بۆلای دکتۆرێکی چاو تا فەحسی بکات.. دکتۆرەکە پێی ئەڵێ: ئەو ژمارەیە چەندە؟ ئەویش ئەڵێ کام ژمارە؟ دکتۆرەکە ئەڵێ: ئەوەی سەر لەوحەکە.. کابرا ئەڵێ کام لەوحە؟ دکتۆرەکە ئەڵێ: ئەوەی بە دیوارەکەوەیە.. کابرا ئەڵێ کام دیوار؟ دکتۆرەکە پێی ئەڵێ کاکە گیان تۆ چاوت عەیبی نییە و شەش لەسەر شەشە..*



## شوان

شوانێک حەز لە کچێک دەکات.. کچەکە ئەڵێ باشە تۆ ئیشت چییە؟ ئەویش لە ڕوی نایەت بڵێت شوانم، ئەڵێ وەڵا پێشانگای مەڕ و بزنم هەیە..

یەکبوون
سەرچاوە Serchawe



# کرۆنۆلۆگی کوردستان



### بەشی سێهەم

نووسینی نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)

### ١١٠٠ - ١٢٠٠ ساڵ پێش زایین

ئاسورەکان حکومەتی ئاسوری پێک دێنن و لە رۆژهەلاتی-نزیک زۆر زوو دەستەلات دەگرن. لە باکور و رۆژئاوای کویستانەکان گەلێک شەڕی قورس وگران ساز دەکەن! لە کۆتایی 1100 پێش زایین ئاسورەکان بەهۆی Aramäer [ئارامییە]ە کانەوە زۆر کز دەبن و ئەوە دەبیتە هۆی ئەوە کە خەلکانی نیشتەجێی کویستانەکان وردە وردە هێزبگرنەوە.

### ١٠١٢ ساڵ پێش زایین

دەوڵەتی ئیسراییل لە فەڵەستین پێک دێ و دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو ناوچەیە بە دوو بەشی Israel وJudäa [جولەکە؟]دابەش بکرێ. ئەو دەوڵەتە بە دوو هێرشی گەورە لە ساڵی ٧٢٢ و ٥٨٧ پێش زایین لە لایەن ئاسورەکان و بابلییەکانەوە دەروخێ و لە ناودەچێ و ئیسراییلیەکان دەبنە بەردە, کە لە ساڵەکانی ٦١٢ پێش زاییندا بە هێرشی مادەکان بۆ سەر ئاسورەکان و تێکشکاندنیان ئیسراییلیەکان ئازاد دەکرین!

### ٩٠٠- ١٠٠٠ ساڵ پێش زایین

لە رۆژهەلاتی ئەورۆی کوردستان مادەکان حکومەتی خۆیان پێک دێنن. مادەکان دژبە ئاسورەکان رادەوەستن و وردە وردە بەهێزتر دەبن! هەوەڵین بلگەی مێژوویی مادەکان لەلایەن ئاسورەکانەوە دیتراوە کە دەڵێن مادەکان پایتەختەکەیان لە Egbatana هەمەدانی[ئەکباتان] ئەورۆ بووە, ٨٣٥ پێش زایین. مادەکان زیاتر لە سێ سەدساڵ دژبە ئیمپراتوری بەردەداری ئاسورەکان راوەستاون و بەربەرەکانیان کردوون!
بە پێی دوایین لێکۆڵنەوەی شوێنەوارناسی فارس "ئیحسان یەغمایی" کە لە ساڵی 2006 دا رایگەیاند، "هیگمەتانە" پێتەختی مادەکان نییە و بەڵکوو "قەلایچی بۆکان" پێتەخت بووە. [وەرگێڕ]

### سەرەتای ٩٠٠ پێش زایین

حکومەتی تازەی ئاسوریەکان چ لە لایەنی نیزامی و چ لە لایەنی سیاسی بەهێز دەبن و زۆربەی ناوچە کویستانیەکان دەگرنە ژێر دەستەڵاتی خۆیان!
Manni [مانناییەکان] لە باکوری شاخەکانی زاگرۆسەوە حکومەت پێک دێنن!
حکومەتی Urartu لە پەنا زێی وان دروست دەکرێ و حکومەتی پێشوی ئەو ناوچەیە بە نێوی Nairi دەکەوێتە ژێر فەرمانی دەستەڵاتی ئوراتۆ. لێکۆڵینەوەکانی زانستی کە لە سەر Urartu ەکان کراون, نیشانی دەدەن کە وێچوونێکی زۆر لە لایەنی زمان و چونییەتی ژیان و جوگرافیا وە لە نێوان ئۆرارتۆکان و Hurriter ەکان هەبوە.



### شاهانی Urartu ئەوانە بوون :

**Sardur I. 840-830**

**Ischpuini 830-820**

**Menua 810-785**

**Argischti I. 785-760**

**Sardur II. 760-730**

**Rusa I. 730-713** [روسا]

لەو شایانە بەڵگەی کەم بەدەستەوەیە :

Argischti I. ,Rusa II. ,Rusa III. ,Sardur III. و , Sardur IV

سەرچاوە Serchawe

**٧٤٠- ٨١٠ ساڵ پێش زایین**

ئاسوریەکان خۆیان دوبارە بەهێز دەکەنەوە و بەسەر ئۆرارتۆکاندا زاڵ دەبنەوە و دەبنە زۆرداری رۆژهەڵاتی ناوەراست. ئیمپراتوورییەکەیان لە میسرەوە هەتا نیوەراستی ئاناتۆلی گرتۆتە ژێر فرمانی خۆی!

**٧٠٠ ساڵ پێش زایین**

لە باشوری ئاناتۆلییەوە دوو دەوڵەتی[لیدی] Lyder و Phryger پێک دێن!

**٦٥٠ ساڵ پێش زایین**

لەو کاتەدا زۆربەی ئەو وڵاتانە دەکەونە ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتوری ئاسوریەکان, تەواوی Mesopotamien , زاگرۆس, باشور و ناوەراستی ئاناتۆلی, فەلەستین, سوریە, میسر و Mittelarabisch Halbinsel [نیوە دورگەی عەرەبستانی ناوەندی؟].

**٦٣٠ ساڵ پێش زایین**

زەردەشت (فیلسوف و Reformator ) لە ماد لە دایک دەبێ, باوەری بە ئاهورامەزدا[تاک پەرستی, یەک خودایی] (monotheistische Glauben) و (Dualismus)[دووانە پەرستی, دووپەرەستی] بووە . ژیان بۆ زەردەشت شەرێکی بەردەوام بووە لە بەینی چاکە و خەراپە, راستی و درۆ و رۆشنی و تاریکی دا!

زەردەشتی ئایینی ئەسلی کوردەکان و فارسەکان بووە!

(ئەوەی زەردەشت لەو ساڵەدا لە دایک بووبێ جێگای گومانە, لە بەر ئەوە لە سەر چاوەکانی تردا هاتووە کە زەردەشت دەبێت ٢٧٠٠ساڵ بەر لە زایین لە دایک بووبێت, لە گەلێک سەرچاوەی تردا نێوان 600 هەتا هەزار ساڵ بەر لە زایین بۆ لە دایک بوونی زەردەشت دیاری کراوە[ وەرگێر])

**٦٢٦ ساڵ پێش زایین**

حکومەتی نوێی بابلیەکان لە باشوری مێزۆپۆتامیا Mesopotamien پێک دێ.

**٦٢٠ ساڵ پێش زایین**

Skyther [سکیتەکان,سەکاکان] لە قەفقازەوە دێن بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەراست. لە ناوچوونی حکومەتی ئۆرارتۆکاندا دەستیان هەبووە و فشارێکی زۆریشان بۆ مادەکان هێناوە. دوای چەندساڵێک لە مەیدان دەچنە دەرێ.



# لە یادی تیرۆر کردنی د.خەزنەوی دا



## شێخ مەعشوق: ئەگەر ئیسلام مافی کورد دابین نەکات ئەوە من بەرینم لە ئیسلام

دڵشاد مەلا

هیچ کەسێک ماف نابەخشێ ئەگەر بەهێز دەستەبەری نەکەیت، ئەم وشانە هۆکاری ڕفاندن وتیرۆرکردنی شێخ مەعشوق خەزنەوی بوون، ئەو داوای مافی گەلی کوردی دەکرد، لەبەرامبەر ئەمەشدا لەهەڕەشەو تۆقاندن سڵی نەدەکردەوەو وازی نەدەهێنا تائەو ساتەی شەهیدیان کرد.

شێخ مەعشوق خەزنەوی لە (٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٥٨) لەگوندی (تەل مەعروف) لەدایک بووە کە دەکەوێتە (٣٠کم)ی باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری قامیشلۆ، ناوبراو زانستی شەرعی لەسەر دەستی (شێخ عزەدین خەزنەوی) باوکی و کۆمەڵێک زانای ناودار خوێندووە، لەپاڵ خوێندنی قوتابخانەدا لەهەمان گوند لەو پەیمانگەیە خوێندویەتی کە باپیر بۆ زانستە شەرعیەکان دایمەزراندووە، دواتر لەدیمەشق خوێندویەتی و لەساڵی (١٩٨٧) بڕوانامەی وەرگرتووە، ساڵی (١٩٨۴) لەزانکۆی مەدینەی منەوەرە بڕوانامەی لە شەریعەی ئیسلامیدا وەرگرتووە، لەوکاتە بەدووا وەک وتارخوێن و پێشنوێژ لەزۆرینەی ناوچەکانی سوریا کاری کردووە.

شێخ مەعشوق ساڵی (٢٠٠١) لەزانکۆیەکی لوبنان بڕوانامەی ماستەری لەدراساتی ئیسلامیدا وەرگرتووەو بڕوانامەی دکتۆراکەشی لە زانکۆی ئیسلامی لەکەراتشی پاکستان وەرگرتووە.

دکتۆراکەشی شێخ مەعشوق لەسەر (چاولێکەری و کاریگەری لەفیتنەی مەزهەبی)یە.

خەزنەوی وەک مامۆستایەکی ئاینی بووە کەسایەتیەکی نیشتمانپەروەرو خاوەنی جەماوەرێکی زۆربوو چونکە کارگەری زۆری هەبوو لەتێگەیاندنەوەی کۆمەڵگە بۆ ئیسلامی ڕاست و دروست و بەردەوام گەلی کوردی هان دەدا بۆ دەستبەرکردنی مافەکانی و ڕوبەڕوی دەسەڵاتی حکومڕانی سوریا سڵی لەوتنی ڕاستیەکان نەدەکردەوە.

ئەو ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لەهاندانی گەنجان بۆ وەرگرتنی زانست و خۆ دەوڵەمەند کردن بەچەکی زانین بۆ بەرەنگاربونەوەی زوڵم و نەفامی، ڕێزی زۆری لەبیروڕای جیاواز دەگرت، دژی چاولێکەری کوێرانەبوو، هەوڵی نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی دەدا،

لەبواری سیاسیدا پەیوەندی بەهیچ لایەن و گروپێکەوە نەبوو، گرنگی بەلایەنی ژیانی کۆمەڵگە دەدا بەبێ جیاوازی، گەلی کورد یەکێک بوو لەئامانجە دیارەکانی بۆ گەیشتن بەتەواوی مافەکانی، ئەو دین و سیاسەتی پێکەوە بۆ خزمەتی گەلی کورد بەکاردەهێناو بەڕاستگۆیش ئەوەی پیادەکرد تا ئەوەی ناحەزانی گەیشتن بەگیانی و تیرۆریانکرد.

شێخ لەڕوداوەکانی (١٢ی ئازای ٢٠٠۴) کەخۆپیشاندانی کوردانی لێکەوتەوە وتی "ئەگەر ئیسلام مافی کورد دابین نەکات من بەریئم لەئیسلام" جگە لەوە لە"نەورۆزی ٢٠٠٥" لەوتەیەکیدا وتی "کەس مافەکانت ناسەلمێنێ ئەگەر بەهێز دەستی نەخەی" بۆیە لە (٢٠٠٥/٥/١٠) پاش ڕفاندن و بێ سەروشوێن کردنی بۆ ماوەی (٢٠) ڕۆژ، لە (٢٠٠٥/٦/١) بەعسی سوریا ئاشکرای کرد کە تەرمی شێخ مەعشوق خەزنەوی لەشاری (دیرلزور) دۆزراوەتەوە کە شوێنی ئەشکەنجە بەجەستەیەوە بینراوە پێش کوشتنی.

بۆ ئەم نوسینەی سود لەسایتی شێخ مەعشوق بینراوە.



# وتەی زانایان



به جارێک هەموو خۆشەویستی دەرمەخە چوونکە هەرکاتێ گۆرانی بەسەر دابێت دژت دەوەستن- سوقرات

باشترین مامۆستا ئەو کەسەیە لە خۆیەوە دەست پێبکات – مۆزارت.

هیچ عەشقێک گەورەتر نییە لە عەشقی ولات – ئەفلاتوون.

دایک رووناکیەکە هەرگیز ناکوژێتەوە - ڤۆلتێر

تەمبەڵ برۆ سەیری مێروولە بکە - حەزرەتی سولێمان.

ئەوەی دەیزانین دڵۆپێکە ئەوەی نایزانین ئۆقیانووسێکە - نیوتن

پێنووسەکەم باشترین چەکە - بتهۆڤن.

قەیرانی دوێنێ گاڵتەی سبەیە - ویلس.

چاوەکان هەرچەند گەورە بن خۆیان نابینن. – شکسپیر.

ژنی خراپ بۆ پیاوی چاک دۆزەخی سەر دونیایە - سەعدی شیرازی.

کات وەک شمشێرە نەیبری دەتبرێ – ئیمامی عەلی

هەموو کچێکێک لە پێش شووکردندا هیچی ناوێ کە شوویان کرد هەموو شتێکیان دەوێت – شکسپیر

کەم بژی بەڵام جوان و پڕ مانا بژی – هۆلاکۆ

کارکردن هاورێ درووست دەکات – گۆتە

ژیان تێکەڵاوە لە پێکەنین و گریان – داستا یۆڤسکی

سەرچاوە
Serchawe



# یادێک لە هونەرمەندی گەورە و بەتوانای کورد موجتەبا میرزادە

لەسالی ١٩٤٥ زایینی لەشاری کرماشان هاتۆتەدنیا.

لەتەمەنی مێرمندالیدا بەهۆی رادیۆ همسایە (هاوسێ)ەوە لەگەل موسیقا ئاشنا بووە. ئەو کات لەڕێگای ئەو ڕادیۆیەوە گوێ لە ڤیۆلۆنی مامۆستایان خالدی و پەرویز یاحەقی دەگرت .

یەکەم ئامیری مۆسیقا کەموجتەبا لەتەمەنی منداڵی دا دەستی دایە، نای وەپاشان سەنتوور بوو. یەکێک لەو دەرگایانەی کەمۆسیقای کوردی بەرووی میرزادەی هونەرمەند و بەلیمەت دا ککردەوە، ئاشنا بوونی ناوبراو لەگەڵ مامۆستای کۆچ کردوو حەسەن کامکار باوکی کامکارەکان بوو .

لەو هەل ودەرفەتا بوو کە موجتەبا توانی کۆمەڵێک ئەزموون لەمامۆستا کامکار وەرگرێ وەپاشان ببێبە فەرمانبەر لەڕادیۆی کوردی سنەدا. دوای ساڵێک لەسنە، گەرایەوە کرماشان و لەگەڵ گۆرانیبێژی گەورەی کورد وەک نەمر حەسەن زیرەک، مەزهەری خالەقی، عەلی مەردان و تایەر تەوفیق ئیبراهیمی خۆشنەوا، مورتزا توندرەو و هاشمی رەبێعی دوای ئاشنا بوون، هەروەها گۆرانیبێژانی ناوبانگی ئێران هەر لە گوگوش و هایدە تاوەکو موعین و لەیلا فروهەر و مورتەزا و ئومێد و چەندی تریش دەستیی کرد بەتۆمارکردنی چەندین بەرهەمی کوردی کەتا ئیستاش هۆنەری کوردی لەئاستێکی بەرزدا دەینرخێنی و وەک شانازیی یەکی نەمر لەمیرزادەوە بۆ کورد و گۆرانی کوردی دەمێنێتەوە .

هونەرمەند میرزادە موزیکی ٥٠ فلیمی نووسیوە و خەلاتی سوپاسی وەرگرتووە کە گەورەترین خەلاتی ئێرانە و توانیویەتی بە دەستی بهێنێت.

هونەرمەندی گەورە و بەتوانای کورد موجتەبا میرزادە رۆژی ١٧ی ژوییەیی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کرد.




گۆڤاری یەکبوون، گۆڤارێکی گشتی سەربەخۆیە، بۆخزمەت بە بواری راگەیاندن و وشەی کوردی کار دەکا بۆ دەوڵەمەند و بە پیز کردنی رەخنە، پیشنیار و بابەتی بۆ رەوانە بکەن.

ئادرەسی پێوەندی: g.yekbun@hotmail.com

ئامادە کردن و پێشکەش کردنی : رەحمان نەقشی